هەواڵ هەواڵ

پیرمام: کارەبا وڵاتیەک دەکوژێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٥ گەنجێکی تەمەن ٢٠ ساڵ بەناوی (کا. م) لە هاوینەهەواری پیرمام، لەکاتی کارکردنی لە ماڵێکدا بەهۆی تەلی کارەباوە گیانی لەدەسەت دا.

قەزای سۆران: کەسێک دەسووتێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٤ لە گەڕەکی بەرخودانی قەزای سۆران، فەرمانبەرێکی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان بەناوی (ئا. ف) تەمەن ٣٥ ساڵ لە ماڵەوە بەهۆی تەقینی غاز ڕێژەیەکی زۆر لە جەستەی سوتاو و ڕەوانەی نەخۆشخانەی سۆران کرا.

قەزای سۆران: وڵاتیەک دەکوژرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٤ لە گەڕەکی قەندیل گەنجێکی تەمەن ٢٤ ساڵ بەناوی (جلیل بافیل) بەهۆی کێشەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتیەوە کوژرا

خەلیفان: دووپشک وڵاتیەک دەکوژێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٥ لە ناحیەی خەلیفان سەر بەقەزای سۆران کچێک بەناوی (س. نەس) دوپشک پێوەیدا و گیانی لەدەستدا..

کانی ماران: ژنێک دەسووتێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١ لە گوندی کانی مارانی سەر بە قەزای چوارقوڕنە، ئافرەتێک بەناوی (ئە. ئ) خاوەنی دوو منداڵ بەهۆی کێشەی لەگەڵ مێردەکەی لە ماڵەکەیدا ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە کرا، پاش مانەوەی ٣ ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.

بنکەی ئاسایشی رانیە و رادیۆی لاوان گلەیی لەیەکتر دەکەن

بەهۆی ئەوەی بنکەی ئاسایشی ڕاپەڕین بۆ ئەو بینایە گواستراوەتەوە کە ڕادیۆی لاوانی تێدایە ئێستا دڕودۆنگی و ناکۆکی لەنێوان هەردوو لادار دروست بووە،
ڕاستیەکەی بیناکە کاتی خۆی هی کۆمەڵەی فەرمانگەکانی ڕانیە بووە و ڕادیۆی لاوانی تێدا دامەزراوە بەڵام هاتنی بنکەی ئاسایش لەلایەن کارمەندانی ڕادیۆی دەنگی لاوانەوە بە باش نازانرێ چونکە پێیانوایە کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و شێواوی لەناو بیناکەدا هەروەها ناڕاستەوخۆ سانسۆر لەسەر ڕادیۆکە دروست دەبێ، بەوهۆیەوە ڕادیۆی لاوان ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن و دەخوازن کە بنکەی ئاسایش بڕۆ شوێنێکی دیکە بگوازرێتەوە بەڵام پێناچێ گوێ لە پێشنیارو ناڕەزایەتی ئەوان بگیرێت

گەنجێک لە کۆمەڵگەی مەلا ئۆمەر دەکوژرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٤ گەنجێک بەناوی (یا. ت) تەمەن ٢٣ ساڵ دانیشتوی کۆمەڵگەی مەلا ئۆمەری سەر بە پارێزگای هەولێر بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەلایەن مامەکەیەوە تەقەی لێکرا و گیانی لەدەستدا، بەڵام مامەکەی ڕایکردووە بۆ لای سەرۆک هۆزی (سورکیە) لە بادینان بەڵام براکانی لەگەڵ باوکی هەڕەشەیان کردووە کە تەسلیمیان بکەنەوە.

پەرەمێز ئافرەتێک دەسوتێنێ

٢٠٠٧/٩/٢ ئافرەتێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بەناوی (کە. وە) دانیشتووی (باتاس) سەر بەناحیەی هەریر بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی بەنزین لەجیاتی نەوت لە پەرەمێزی کردووە و سوتاوە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی هەولێر دەرکرێت و دوای مانەوەی ڕۆژێک لە نەخۆشخانەکە گیان لەدەست دەدات.

ڕانیە: تەنکەرێکی نەوت گڕ دەگرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١ تەنکەرێکی نەوت لەناوچەی پیشەسازی ڕانیە لەکاتی لەحیمکردنی تەنکەرەکەدا ئاگری گرت، شۆفێری تەنکەرەکە ناوی (نەوزاد تۆفیق) وەستای لەحیمەکە بەناوی (هەڵمەت حەسیر) بەسەختی سوتاوە و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە.

ژاراوە: گەنجێک خۆی ون دەکات

ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٣٠ گەنجێک بەناوی (ئا. خ) دانیشتوی ناحیەی ژاراوە بۆ ماوەیەک خۆی لەماڵەوە دوردەخاتەوەو خۆی ون دەکات. چەند جارێک بە مۆبایل تەلەفۆن بۆ ماڵەوە دەکات ئاگاداریان دەکات کە پاش چەند ڕۆژێک تەرمی کوڕەکەیان وەردەگرنەوە. پاش ٤ ڕۆژ ناوبراو گەڕاوەتەوە ماڵەوە دواتر لەلایەن دەزگای پۆلیس دەست بەسەر کراوە و خاوەن مۆبایلەکانیش سکاڵایان لە دژ تۆمار کردووە.

نارنجۆکێک کوڕێک دەکوژێ و خوشکەکەشی بریندار دەکات

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٩ لەگەڕەکی شەهیدانی قەڵادزێ، کەسانێکی نەناسراو نارنجۆکێک فڕێ دەدەنە ماڵێک و دەتەقێتەوە، لە ئاکامدا گەنجێکی تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی (پ.ئی.ح) دەکوژرێ و خوشکێکیشی بەناوی پەرژین کەتەمەنی ١٩ ساڵە بریندار دەبێ، تا ئێستا ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە ئاشکرا نەکراون، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوە بەردەوامە.
بەگوێرەی زانیارەیەکان ئەو ماڵە کێشەو ناخۆشیان لەگەڵ کەس نیە، بۆیە گومان لە کەس یان کەسانێکی دیاریکراو ناکەن، ئەمەش ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەی سەختر کردۆتەوە.

ژنێک دەسوتێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١١ ژنێک بەناوی (ز.ی) دانیشتوی شارۆچکەی پیرمامە بەهۆی کێشەیەکی خێزانیەوە ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات، کەسوکاری بە هاواریەوە دەچن و ئاگرەکە خامۆش دەکەنەوە، بەپەلە بۆ نەخۆشخانەی ئیمیرجنسی شاری هەولێر دەیگوازنەوە، بەڵام لەبەر زۆری ڕێژەی سوتانەکەی گیان لەدەست دەدات.

رانیە: کردنەوەو داخستنی رێستۆرانتی قەندیل یالاس گۆبەند دەنێتەوە

دوای ئەوەی ساڵی پار لە دەروازەی شاری رانیەدا رێستۆرانتی قەندیل پالاس بە شێوەیەکی مۆدێرن دروست کرا و کرایەوە، دەنگۆیە ئەوە پەیدا بوو کە ژنی سۆزانی بیانی لە نێو ئەو رێستۆرانەدا کار دەکەن، بەوهۆیەوە گۆبەندێکی گەورەی لێکەوتەوە، مامۆستایانی ئایینی و رەوتە ئیسلامیەکان بایکۆتیان کردو داوایان لەخەڵک کرد کە دوورەپەرێزی لێبکەن، بەوهۆیەوە بازاڕی رێستۆرانەکە لە کورتی دا، سەرەنجام بڕیاری داخستنی درا، کەلوپەلی رێستۆرانتەکە فرۆشران و دەرگەی داخرا، دیسانەوە چۆن لە کردنەوەی گۆبەندسازکرا، لە داخستنیشیدا گۆبەندێک سازکراوە، رۆشنبیران و لاوانی دەڤەرەکە نیگەرانن و رەخنەی توند لە لایەنە پەیوەندارەکان دەگرن، ئەوان دەپرسن ئێمە داوا دەکەین رانیە ببێ بە پارێزگا بەڵام ئەگەر شارێک تەنیا یەک رێستۆرانتی هاوچەرخی تێدا نەبێ چۆن دەبێتە شارو چۆن دامودەزگاکانی بۆ دادەمەزرێندرێ؟! بۆیە ئێستا لەهەوڵی ئەوەدان کە جارێکی دیکە دەست بەکار بێتەوە.
راستیەکەی دەڤەری راپەڕین بە پڕ کێشەترین دەڤەرەکانی باشووری کوردستان دادەنرێ، تا ئێستا دەیان کێشەی گەورە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە.

دوو کەس بە گومانی حەشیشەوە دەستگیر دەکرێن

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٠ کەسێک بە ناوی(م) کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو لەچوارقورنەدا دەژی لەسەر بازرگانیکردن بە حەشیشەوە دەستگیر کرا.
بەگوێرەی زانیاری ئەم کەسە بەردەوام هاتوچۆی بۆ ئەو دیوی سنوور کردووەو حەشیشەی بۆ وڵاتییک بەناوی (ع.س) هێناوە، بەوهۆیەوە هەردووکیان لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون، بەڵام تا ئێستا کێشەکەیان یەکلایی نەبۆتەوە، نازاندرێ ئەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵیان راستە یان نا ؟!

کەسێک لە دایکی خۆی دەدات و دەستگیر دەکرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١١ گەنجێکی تەمەن ١٩ ساڵ بەناوی (ن) دانیشتوی شارۆچکەی چۆمان کێشەیەک لەگەڵ دایکی دروست دەکات و بەبەرد لە دایکی دەدات و زۆر بەسەختی برینداری دەکات. بەوهۆیەوە دایکی دەبورێتەوەو ڕەوانەی نەخۆشخانەی سۆرانی دەکرێ و چەند ڕۆژێک لەژێر چاودیری پزیشک دەمێنێتەوە، هەر لەسەر ئەم کێشەیە کوڕەکە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێ.

کچێک دەسووتێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٥ لە گەڕەکی کێوەڕەشی شاری ڕانیە کچێکی تەمەن ١٩ ساڵ بەناوی (ب.ئی) لەماڵەکەی خۆیان دا بەهۆی گڕگرتنی پەرەمێزەوە بەشێکی جەستەی دەسووتێ، بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێ، بەڵام ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٢ گیانی دەسپێرێ و تەرمەکەی ڕەوانەی ڕانیە دەکرێتەوە. ڕووداوەکە بە قەزاوقەدەر تۆمارکراوەو کەسێک تۆمەتبار نەکراوە.

ئیمان لە سۆران دەدۆزرێتەوە

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٩ وڵاتیەک بەناوی نەجمەدین ئەسعەد دانیشتووی شارۆچکەی سۆران بۆ نوێژی بەیانی دەچێتە مزگەوتی گەڕەکی هەندرێن، لەبەر دەرگەی مزگەوتەکە منداڵێکی یەک ڕۆژە دەبینێتەوە، ئەویش منداڵەکە هەڵدەگرێتەوەو لە مزگەوتەکەوە بانگەوازی بۆ دەکات، بەڵام کەس خۆی لێ بە خاوەنی ناکات بۆیە بڕیار دەدات کە بۆخۆی بەخێوی بکات، منداڵەکە ناو دەنێت ئیمان، هەروەها داوا لە حکومەت دەکات کە بۆ تۆمارکردنی ناوەکەی ئاسانکاری بۆ بکات .

وڵاتییێک دەکوژرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٩ چەند چەکدارێک دەچنە سەر ماڵی وڵاتی (م. ئی.ع)کە ئەوکاتە خۆی لەماڵ نابێ، بەڵام پێیاندەگوترێ کە نەخۆشەو چووە دەرزی لە خۆی بدات، چەکدارەکان شوێن پێی هەڵدەگرن و دەیرفێنن و دەیکوژن دواتر تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە.

پشدەر: بەراز جووتیاران هەراسان دەکات

بەگوێرەی قسەی دانیشتووانی گوندەکانی دەڤەری پشدەر ماوەیەکە کۆمەڵە بەرازێک پەلاماری بەروبوومی جووتیاران دەدەن و زیانیان پێدەگەیەنن.
بەگوێرەی زانیاریەکان هەفتەی رابردوو ڕەوە بەرازێک لە گوندی سوتانەدێی دەڤەری پشدەر بینراون، بەوهۆیەوە بێزاری و ناڕەزایی پەیدابووەو داوا دەکرێ ڕێگەچارەی پێویست بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە، هەڵبەت ڕێگە چارەش لە کوشتنی بەرازەکان دا دەبیننەوە، ئەمەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕەت دەکرێتەوە.

هەواڵی سەیر

* لە هەفتەی ڕابردوودا بە نوسراوێکی فەرمی لە فەرمانگەی ئاوی کەرکوک داواکراوە کە پێشنیاری ژمارەیەک ناوی وڵاتیان بکەن بۆ مەبەستی دامەزراندن بە پلەی جیاجیا، بەڕێوەبەری ئاویش بۆ ئەو مەبەستە ئاگاداری لێپرسراوی باشەکانی کردۆتەوە کە هەریەکەیان بەپێی پێداویستی خۆیان ناوی بۆ بنێرن، بۆ ڕۆژی دواتر کە ناوەکانیان پێ داوە پێی گوتوون بەداخەوە جێگا نەماوە چونکە خۆم کۆمەڵێ ناوم لەلا بووە ئەوانەم ناردووە جارێ با ئەوانەی تر بمێنێ، ئەوانیش دەڵێن کەواتە ئێمە هیچ دەورێکمان لەم فەرمانگەیەدا نیە و ناشزانین ئەوانە چ پسپۆڕیەکیان هەیە کە دامەزراون.

* ڕۆژی ٩/١٢ لە گەڕەکی ئاوارەکانی کەرکوک (پەنجا عەلی) لە کۆبونەوەیەکی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی دا دەربارەی نەخۆشی کۆلێرا وڵاتی (س.ع) کە خۆی یاریدەدەری پزیشکیەو جێنشینی ئەو گەڕەکەیە، دەبێتە مشتومڕی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە هاتوون بۆ کۆبونەوەکردن لەسەر ئەوەی کە ئەم پێیان دەڵێت حکومەت خۆی بەرپرسە لە بڵاوبونەوەی ئەم نەخۆشیە چونکە ئاو و ئاوەڕۆ و خزمەتگوزاریەکان پشت گوێ خراون بۆیە نەخۆشی سکچون و ڕشانەوە بڵاوبۆتەوە. هەروەها ئەم هەڵمەتەی ئێوەش برەودانێکە بۆ ئاوی کارگەی بەرپرسەکان، شایانی باسە لە کۆبونەوەکەدا خەڵکێکی زۆر پشتگیری لە قسەکانی ئەم کرد بۆیە ئەوانیش بەجۆرێک لە توڕەبون و هەڕەشە وەڵامیان دانەوە.

* دابەشکردنی خۆراک بەهۆی بێ سەروبەری و پاشاگەردانیەوە لەهەر شوێنێ بە شێوەیەکە خۆراکی مانگی ئاب لە کەرکوک و چەمچەماڵ زۆر جیاوازیان هەبوو نەک لەناو ئەو دوو شارەدا بەڵکو لەناو خودی یەک شاریشدا بریکاری وا هەیە برنجی دابەشکردووە هی واش هەیە دابەشی نەکردووە. هەندێکیان تایتی گەورە دەدەن هەندێکیان تایتی بچوک، هەندێکیان بۆ یەک نەفەر ٢٥٠ دینار وەردەگرن هەندێکیان ٥٠٠ دینار. هەروەها شەکری ساڵی پار کە ئێستا لە کەرکوک دابەشدەکرێت دیسانەوە پارە لە وڵاتیان وەردەگرنەوە تەنانەت سادەترین شت کە مقەبای کەرەستەکانە هەندی بریکار بە پارە دەیدەنە وڵاتیان، کەس نیە بچوکترین لێپرسینەوە بکات. ئەمە ئەگەر لێرە وابێ ئەبێت لەو شوێنەی کە دەکڕدرێت و دێت بۆ ئەم وڵاتە چۆن بێت، دیارە خراپی جۆری خۆراکەکان شایەتی ئەو ڕاستیە دەدەن.

* ئەم ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ کۆمەڵێ یاسای سەیرو سەمەرەی لەخۆگرتووە کە ڕەنگە هەندێکیان بۆ مامۆستاو فێرخوازان ببنە کێشە بەهۆی تازەی و نامۆییان لەوانەش سەیرتر لەسنوری پەروەردەی چەمچەماڵ کارەکان بەشێوەو جۆرێکی دیکە دادەڕێژنەوە، بۆ نمونە ئەمساڵ وا بڕیارە لە کۆی ٢٧٥ دەرچوی کۆلێژ و پەیمانگەی مامۆستایان تەنها ١٠٠ مامۆستا دادەمەزرێ بۆ سەرەتایی و ناوەندیەکان بەپێی پێداویستی دامەزراندنیش بێ دەبێ زۆرینەی ئەو مامۆستایانە لە فێرگە سەرەتاییەکاندا بن چونکە لادێکان زۆرن و فێرگەی سەرەتایی زۆرترە لە ناوەندی، بەڕێوەبەری پەروەردە ڕێژەکەی کەمکردۆتەوە جگە لەوەش هەندێک مامۆستایان لە شاری کەرکوکەوە هێناوە بۆ دامەزراندن لە سنوری چەمچەماڵ هەر لەسەر ئەو حسابە لەم سنورە نامێننەوە تەنها موچەکەیان ئەمێنێت خۆیان دەبرێنەوە بۆ کەرکوک بۆ مەبەستی خۆ دزینەوە لەدەوام بەمەش گورزێکی دیکە لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەدرێت.

* گەنجینەکانی پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ ئەمساڵی خوێندن بە ڕێژەیەکی کەمتر لە فێرخوازان کتێبی وەرگرتووە کەچی لەدابشکردندا بە ڕێژەی ١٠٠% دابەشی کردووە بەمەش زۆرێک لە فێرگەکان بەشیان بۆ نەماوەتەوە هەر لە ئێستاوە کێشەی کتێب لەو فێرگانەدا بۆ بەڕێوەبەرەکان دروست بووە بۆ وەڵامی ئەم کارە بەڕێوەبەری گەنجینەکان (ع.س) دەڵێت: لەوەجبەی داهاتودا بەشی ئەوانیش دەدەین سەیرەکە لەوەدایە خۆی لەهەموو کەس باشتر دەزانێ کە لەهیچ ساڵێکدا گرنتی کتێب وەرگرتن و دابەشکردن نەبووە هەتا لە ئەم ساڵدا هەبێت کە بڕیاریشە کۆمەڵێ کتێب بگۆڕدرێ و کەس نازانێ ناوەڕۆکەکانیان چی تیایە.

* بەرپرسی ڕێکخراوێک کە جاران لەلایەن هەندێ کەس و حزبەوە خۆشەویست بوو، حکومەتیش مانگانەیەکی باشی بۆ دابین کردبوو کە زۆر لە بودجەی هەندێ حزب و ڕێکخراوی سیاسی گەورەتر بوو کەچی ماوەی نزیک بە دوو مانگە بەتۆمەتی گەندەڵی و مەسەلەی پەیوەندار بە سەر ئاسایشی نەتەوەییەوە دەستگیرکراوەو لە زیندان دایە، کەچی ئێستا خێرخوازان هەوڵی ئازادکردنی دەدەن!! سەرچاوەیەک گوتوویەتی کە ئەگەری ئازادکردنی ئەو برادەرە نزیکە. جا نازاندرێ ئایا تۆمەتەکان ناڕەوان کە ئەو برادەرەی لەسەر گیراوە یان هەوڵی ئازادکردنەکەی؟!